# مێژووی لە دایک بوونی برینێک*

حوزیران- 1997
کوژان -ئارنهێم

بەرەژانێک دوو بەرەژان
زیرەی من و خەندەی مامان
گۆرانیەکی گەرمی وجاخ بوو
من کێ بووم و لە ڕۆحی کێدا توامەوە؟
کێ لە ڕۆحمدا ئەتوێتەوە؟
لە گەرمە ڕۆژێکی حوزەیراندا
دوای حەوت ڕۆژ ناوک بڕینم
ناویان لێ نام
ڕەنگە من ڕۆحی باوکم بم!!!
چونکە کە مرد
فرمێسکم ڕشت
نەم ئەزانی بۆچی ئەگریم
ئێستاش نازانم بۆگریام
تۆ بلێی هەستم کردبێ
هەتا ماوم نەزانم چیم
نەزانم کێم
بۆچی ژیام بۆچی ئەژیم بۆچی ئەمرم؟؟
لە شەوانی سەرپەڵەی دێکەماندا
لە درزی لێفە سوورەکەی دایکمەوە
کە دیاری باوکم بوو بۆی
لەو دیوو شوشەی پەنجەرە قوڕاوێکەمان
لەسەر سینەی ئاسمانی بێ کۆتایی
باڵای خوارو خێچی خوام ئەبینی
ئای لە چەخماخەی دوو چاوی خوا چەن ئەترسام
نەم ئەزانی باران زەرداوی لەشی خوایە
یان فرمێسکی بەرەکەتی
بیرم لە ڕیشی خوا ئەکردەوە
دەم ووت بلێ ی
لە کاسە ماسی دەر هاوسێ
یالەخوری بەرخەکانی ناو دێکەمان سپی تربێت

بالآی لەبالآی دارگەزەکان درێژ تر بێت
هاوین دەهات
کاتێ دەچوومە سەرجێگا
لە دامێنی کراسە کون کونەکەمەوە
سەیری ئەستێرەم ئەکرد
چەن حەزمەکرد جارێک ئەستێرەیەک بێتە چنگمەوە
تێر تێرماچی گونای بکەم
کە ئەستێرەیەک دەکشا
گوێم لە هەناسەی دایکم ئەکرت
نەوەک ئەستێرەی ڕۆحی کشابێ
دەستم بۆ کێ درێژ نەکرد
تاپێم بڵێ ناووم چییە
لە چمکی کەواکەی دایکمەوە
بۆ خەونی سوری پێغەمەبەران
تا بەهەشتەکەی سەرمایە
ئای لە دوو ڕێیانی چ
ڕێگایەکی سەختا وەستاوم!
عیشق وژان و خۆشەویستی
مردن ومان بوون ونەبوون
لەپریاسکەی منی ڕێبواری نامۆدا
لە تەتە شۆری بیرمدا
وسڵی مردنیان دەرئەکرێ....

---

خڕحاجی: چەمێکی بەهارەیە لە ڕۆژ ئاوای کەلاری کۆندایە.
سەرمایە: مەبەست کتێبەکەی کارڵ مارکسە.